# بووزێـــنه

تەحسین موحسین عومەر

پێشکەشە بەدڵشاد عەبدوڵڵای شاعیر



بەمۆسیکای گڤەگڤی ئەم زریانە
شەکرە بەفرە دێنە سەماو لێکدەئاڵێن دەبن بەئاو
بەتەنکۆکەی داچۆڕاوی تێلدڕەی تێوەئاڵاوی
رکەی توندی پەرژانەکان
شۆڕدەبنەوە سەر زمانی تینووەکان
لەم عەشقاوە دەخۆنەوە تینووەکان
لەم جواناوە دەخۆنەوە تینووەکان
بەرگی سپی ئەم پێدەشت و چیاو هەردە
بێدەنگی دامەبەر خشپەی دەکە قەڵەم
تەنیمۆکەی پێنووسە دارەکەی دەستم
لکایە پەڕەی سپی مووشین

بوو بەلاوژە بەقامەتتا
لەم سەیرانەی بەر سۆپا پڕ زیلەمۆکەی ئەم ژوورەدا قر قراوم
لە سەیرکردنی دروینی کراس بەبالاتا دەوەستێم و
دیقەت دەگرم
لە دیقەتا شا شاد دەبم
نغرۆ دەبم لە کەیف داو لەگەڵ وەرینی بەفردا دێمە سەما
ئەی بووزێنە.. ئەم کراسەت چەندە جوانە؟!
کلۆ.. کلۆ.. سینەی بەرزت دادەپۆشێ و ئیغرام دەکا
تینووم دەکا.. دەمفڕێنێ......
خەیاڵ لێرە بەسواری بوراقی گڤە هەڵم دەگرێ و دەمباتە«وێ»
ئەوێی پڕ لە گڕوگاڵ و باوەشی ناز
مـن بەتەزووی نازو عیشوەی«وێ» ئەژیم و
سەرما زەفەرم پێ نابا
ئەم تەزووەیە لە شادەمارم دەگەڕێ
ئەی(بووزێنە) دەپێم بڵێ
تۆ بووک زینەی یان بووزینەی دارە بووزی
یان بووزینەی کانە بووزو بەستەڵەکی
یان بەزێنەی عەگیدان و غەوارەو نامۆی دەڤەری
مـن.. نازانم.. تەنیا ئەوەندە دەزانم
هەموو ڕۆژێ کە دێمە بەر پەنجەرەکەم
کۆنە زامی سەر سینەت و ئاسەواری وێرانەیەک
لە تەریکی ئاواییەوە دەبینم هیچی دەربارەی نازانم
تو قامەتی کێلی زێڕی گەر پێم نەبێی
کێ بوو «دیل»ی رەجم کردو زنەکانتی کوێرکردەوە
وەتۆ نابێت بێدەنگ بیت و بمدووێنە
بمدووێنە.. تۆ هەموو هەڵێ بووکیت و نەوبووکیت و
هەر بووزێنەی کراس سپی ئەم دەڤەرەی
لە بێدەنگی کراسەکەی بووکیت دەدڕێ و ئەم نهێنییەم پێ نابێی
دەپێم بێ.. دە.. پێم.. بێ.. دەی پێم بێ

بەهێمنی شەکرە بەفرە دادەکەوێ
دەوارەکان داوەتیانەو لە بەزم و ڕەزم ناکەون
گڤە گڤیش لاوژە دەبێ و بەنهێنی ئەم نهێنییە دێڵێتەوە
منی میوان حەیر ماوم
سەرەدەری لە سەربردەی سەراب نەدیوان دەرناکەم
سەر دەرناکەم.. چ ڕێکەوتێ منی خزاندە باوەشت!؟
کێ دەیگوت من ڕۆژێک دەبم بەکەفرێکی دامێنی«دێل»؟!
من چ جاران هێندەی ئێستا لەگەڵ چ کەس و شتێکدا
تەبا نەبوویمەو.. ئێستاکە..
تا سەر ئێسقان و موو بەمووم خولیاو عەشقە
تو بڵێی من لەچنگە خۆڵێکی ئێرە خولقێنرابم
یان
تۆ لەگەڵ هەموو کەسێ میهرەبان و خانەدانی
من هەموودەم نا ئاسوودەو بیر شپڕزەو لەناخەوە هەڵوەشاوبووم
تووڕەو بێزارو بێ گژ
تۆ بگۆڵمە بەفراوێکی زنەیەکت
تۆ بەجریوەی پاسارییە خۆش خوانەکانت
تۆ بەهاژەو خوڕەی ئاوی «سیرانۆک»ت
ڕۆحم بەبەر دەکەیتەوەو دەمدوێنی
دەبیتە هاوڕێ و هاونشین
وردە.. وردە.. دەمهێنیەوە
تۆزە.. تۆزە.. تۆزوخۆڵی خەمەکانی خاپوورستانی خەمزارێک
لە ڕوخسارم دەتەکێنی
قیچە.. قیچە.. قیت و قۆزم دەکەیتەوە
تنۆک.. تنۆک.. سیمام شەونم باران دەکەی
هەڵچوون و خوێن لێ چۆڕانم کپ دادێنی
کوا ئەو خوێنەی جاران لەمندا دەگەڕا؟!
خودا.. خوێن نەبوو خولیابوو
خوێن نەبوو شیعر بوو

خوێن نەبوو عەشق بوو
کێ دەیگوت منی ژیلەمۆ
لە گردانێکی دەشتا هێرت دەبمە خۆڵێ و
ناکارێم دەستی زەری یەک تێن بدەم و فووێک گەشم نەکاتەوە
من چ جاران.. هێندەی ئێستا
پەراگەندەو تەریو نەبوویمەو نازانم..
ئێستا حەزم بەژیانی نێو کۆچەری و رەوەندۆک و
لادێیەکی سێ چوار ماڵی بەهاران سیما گوڵ گوڵی و
پاییزان روخسار تۆزاوی و بەزستانان قوشک گیرو
لە هاوینان سابات گیرو هەوار گۆڕو بەفراوخۆرو
کوێستان گەڕم
چ رێکەوتێ هێندە ساکاری کردمەوە
لە ساکار نومای ئەو خەڵکە خۆمم ناسی و
خۆم لە باڵای ئاودەل کیوی بەدی دەکەم
من بوومەتە بووزێنەیەک لە ئامێزی میهرەبانی پیرە دێل دا
من بووزێنەم.. روو لە قیبلە لەسەر هەردوو ئەژنۆکانم تروشکاوم
لە نوێژەکی دوورو درێژم هەر ساڵەکی چوار رکاتەو
هەر رکاتەشی بەرماڵێک بەژێر پێمەوە دەدڕێ
خودا.. لێمی قبووڵ بکەی
خودایە بمکەیتە باخێکی سەر دنیا
خودایە بمکەیتە ئارامگای پیاوچاکان
خودایە.. جەنگ پێ نەنێتە خاک و خۆڵم
خودایە خانەدانی کەی ئەو مەردوو مەی
خوانێکی بەخێری خاکم نایەبەری غەوارەیەک
خودایە مرازی بدەی
ئەوەی بەقلە هەڵووژەک نەمەکی باخێکی کردم
خودایە هەرچی ئێش هەیە نەمێنێ لە لەشی کەسێ
بەلێفەکەی سەرپشتی خۆی میوانێکی شەوێک رازاند
خودا دووعام دوایی نایەو هەمموودەم روو لە دەرگای تۆم

من بوو مەتە ئەو بەرماڵەی بەعەشقەوە
لەسەری چۆکم داداوەو لەوەتەی هەم تروشکاوم
من بوو مەتە قلە مورویەکی توزبی شێخ رەشیدو
من بوو مەتە دار بەڕووەکی چلووبڕاوی دەشتا هێرت
من بوو مەتە کانیاوێکی چک نەکردوو
دایم ئەوینم لێ دەڕژێ
من تیشکێکم لە خۆری داوای حوکمی شەودا سەرم کردووە بەم دەڤەرەو
ئەلف رێ نیشانی زارۆی ئێرە دەدەم
خودا بۆ ئێرەی هەناردووم بۆ سەیرکردن بەژوورەکانی
خەڵوەتی با
با.. رێگای داوم چەند رازێک بدرکێنم
با.. پێی گوتم
لێرە.. مرۆڤ خوڵقاوێکی سەمەرەیە
رووتی و دژوێنی و بێ نازی گەورەی دەکەن
زراسکەکانی ئێرانە هەموویان بۆ بەهەشت دەڕۆن
چ جای ئەوەی دایک و باوکیشیان حەزبکات یان حەز نەکات
لێرە مافووری پێشوازی بەهەشتەکان لەژێر پێی
دایک و باوکاندا نەماون
لێرە منداڵ و کارژۆڵە هاوتا نابن بەختەوەرتر کارژۆڵەیە
هەرزەو گەنجی ئەم دەڤەرە.. نەتامی ماچێک دەزانن
نە خەونێکی وروژێنەر ئەبینن
نە نەینۆکەک سەیردەکەن نە سووتیانەک
بەحەزو ئارەزووی خۆیان خەتی داهێنانی قژیان دیاری ناکەن
بەحەزو ئارەزووی خۆیان فانیلەیەکی تایتانیک ناکەنەبەر
مرۆی ئێرە لە پیریدا جارێکی کە هەرزە دەبێ
تیشکی قۆدی دەگرنە سرکە کیژگۆکی هاتووی کانی
لێرە هەموو ئیرەیی بەیەکتر دەبەن
نازانن چیت بۆ باس بکەن
نازانن کەی مارەییان لەژان برا

باوکەکانی ئەم دەڤەرەش
گوناحترن لەو گوناحانەی کە دەیکەن هەمووو شەوێ
ماندووترن لە چرکەژمێری کاتژمێر
پەشیمانترن لە هەرێ
قەدبڕترن لە باتیش و عاسێترن لە بزنەڕێ
ئالۆزکاوترن لە چەپەر هێمنترن لە هوڕەباو
خۆیان دەکەن بەشمشاڵی سەردوولکەکانی سکاڵ
ساکارترن لە تووولەڕێ ژاکاوترن لە ئارەزوو
«با.. ئاگادارەو راست دەڵێ»
خودا.. خۆ ئێرە هەر هەمووی رازاوەیەو
پەنجەی ئیرادەو حەزی تۆ کردییە جوانی و دایبەشیەوە
دە.. چنگە میهرێکیش بدەرە ئێرانەو ئاوڕێکی لێ بدەوە
وا بفەرموو ئارەزوو لێرە گوڵ بگرێ و
حەز لێرانەدا هێشووی ماچ بەباڵایدا بێتەخوارێ
وا بفەرموو چیتر تەمەن ئاوابوونی چرکە نەبێ
زراسکەکان گرنگتربن لە کارژۆڵە
بە ژن و کچ نەڵێن عەورەت
من.. خودا بۆ ئێرەی ناردووم
تا ژانەکانی ئێرانە رەوان بکەم
من هیلاکیم پێوە دیارەو کەف و کوڵی سۆزی ئەم جورعە عەشقەیە
نایەڵێ وچانێک بدەم.. لە کاشانی رەنگاوڕەنگی
ئەم دووریانگە پەرژاناویانە خۆ درێژکەم و
شالێک شەونمی بەرەبەیان بەخۆم دادەم و
سەرخەوێکی پڕ جریوەو هاژەی رووبار بخەوم و
ساتێک لە دنیای عەولەمە بێ ئاگابم
کێ دەیگوت من لە جادەکانی پیرەشار یاخی دەبم
بەم کەژو کۆو دەشت و دەرەوە دەنووسێم
لە هەلهەلۆک عاشق دەبم
لە کانیاوێکی دامێنی پیرەگوێزی خەریفانۆک مودمین دەبم

کێ دەتوانێ کانی ژینێی خدری زیندووم بۆ باس کا؟
کێ زات دەکا بڵێ خدر لەم بەفراوەی نەنۆشیوە؟
خودا.. ئێرە هەمووی شیعرەو من کوێندەرێ بنووسمەوە
کام حەرفی خاڵ بخەمەسەر
لە کامە بەلکەی شاراوە گوێز دەربێنم و بیژمێرم
لە کامە لقی دار بەڕوو پەت هەڵدەم بۆ هێزووکانێ
دۆی قەسکواناوی کام زراف بخۆمەوە تاڕەبازبوون
بۆ کامە لاوژەی چیایی گوێ رادێرم
بەیتۆکی کام بەرئاگردان وێبکەوم
خودا.. خۆ ئێرانە هەمووی بەیت و مەتەڕۆک و لوغزە
ژنهێنان و کەتیلۆکانێ و ماڵە بووکەڵە هەمان شنن
هەمووی باژوور بوونی مرۆن
خودا بۆ ئێرەی هەناردووم تا چەند رازێک بدرکێنم
رۆژ لە خەڵوەتەکانی خۆیدا پێی گەیاندم
رۆژ پێی گوتم
* لوتف نافەرمووم بۆ شوێنێ بەمیوانی سەرگران بێ
* لەسەر بەردو دارو گیا سویند مەخوینن
* ئەو دەستانەی بەداخراوی هاتنە ژیان.. پڕبوون لە خوود
بەکراوەیی دەرچوون رووەو مەئواکانی نەهاتنەوە پڕبوون لە هیچ
* کەس نابێتە خودانی خۆڵ
* کەس نابێتە خودانی ئاو
* کەس نابێتە خودان پەنا.. هەموو شاراوەکانم لێ دیارن
* کەس نابێتە خودانی من
من و ئاو و خۆڵ رەهاین و نەکەس منی بۆ راو دەکرێ و
نەکەس دەتوانێ پیاڵەیەک ئاو بدزێ و
چنگەخۆڵێک بشارتەوە
رۆژ نەخەوتووەو راست دەڵێ
ئێستا شیار دەبینەوە.. دەستم بگرە

پەنجەم سەرەنج دەنووسنەوە
ئەی بووزێنە.. ئەو دڵەی من هەندی گایێ سەرەنج دەدات
چیا.. وێنەی سیمات دەکێشێ
خۆت بەرخۆردە.. وێنەت لەچیا دانامالێ
لەبەر قرچەی نیوەڕۆیەک ئەزو تۆ دێ روونییێن خیچۆک
ئەگەر سووتاین دێ هەڵکشێین
ئەبێ سەرەنجێک لە خۆردەین رازەکان قبوڵ بفەرمووین
خۆ مەترسێنە لە سووتان دێ هەڵکشێین
لێرانێهێ کوستیان هەیە ئاودیو دەبین
لێرانێهێ نسێکانی مازوو هەیە
لێرانێهێ باخچەو بژوێن و ئاو هەیە ژیان هەیە
سیمات لێرە.. تا ئێستاکەش هەر تەنیایە
لەچاوشارکێی تروسکەی پشت دارستانی بەڕووە چلۆ بڕاوەکان
خۆ مەترسێنە لەتیشک و خۆت بدەرە رۆژ
نسێیەکانی کەوەرت هەن.. کوێستان جوانمان دەکاتەوە
نسێکانی ئەودیو چیا ئارامیمان پێ دەبەخشن
وەلێ هەورازەکان تژن
ئەو دڵەی من لە هەڵکشان دەهۆڵ دەکوتێ و هەڵدەپەڕێ
لە نسێ یان لەرز دەیگرێ لە سووتانی خۆر دەگەڕێ
رووی من لە خۆری رووی تۆیە
روونیشە خیچۆک ئەو سیمایەت بەرتاو بدە
باسوور هەڵگەڕێ بەخۆری میوان لێرە
کێ دەڵێ رۆژ عاشق نابێ و کەم تین نابێ و سارد نابتەوە لە دیدارت
کێ دەڵێ تۆ نایسووتێنی؟!
من و تۆ سیماتێک نانێین
من و تۆ خۆ بێ کژ ناکەین
من و تۆ روو گرژ ناکەین
تۆ ماڵەکان پەرژان ناکەیت و منیش خوود ناپێچمەوە

من و تۆ والآین و والآ
من خودا بۆ ئێرەی ناردووم بۆ کردنەوەی پەنجەرەکان
خودا من چی بنووسمەوە.. ئێرانە هەمووی جوانییەو
هەمووی شیعرەو هەمووی لوغزو مەتەرۆکە
هەمووی پەیڤ و عەشق و رازە
پەنجەرەکان والآن و بەبێ چاویلکە بەسەر باخچەدا دەڕوانن
والآن و بەبێ هەست و خوست رۆژ دەهێننە ژوورەوە
والآن و سەرەدیقانێی مێش خۆرە رەنگالەییەکان دەکەن
والآن و بۆنی گوڵە رەزو پونگەو رەیحانە چاوبەکلەکان دەکەن
والآن و گوێ لە مەرامی ئاوازە حەسرەتاویەکانی شالوورەکان دەگرن
لە سپییە ساتی سبەینێ و لە زەردەساتی نیوەڕۆژێ و
لە سوورەساتی مەغرەبان..
والآن وشیار راماون.. ورد دەبنەوە..
لە زوومی چاوەکانیانا لە هەموو دوورو نزیکا راز دەبینرێ
کێ پێش پەنجەرە دەتوانێ بەڕاز بگات
کێ پێش پەنجەرە دەبیستێ
کێ پێش پەنجەرە بەخوناو سیما دەشواو سەرمەست دەبێ
کێ پێش پەنجەرە هەست دەکا وەرزەکان دێن و دەبوورن
کێ پێش پەنجەرە پێشوازی لە شنەباو لە کزەباو لە سروەبا دەکاتن و
باوەشیان تێ دەئالێنێ..
پەنجەرە پێش هەمووکەسێ هەموو شتێ هەموو جێیەک
لەکەیی و چۆن و چی دەگات
پێش هەمووکەس ئاوێزانی دیداری ئازیزان دەبێ
ئای بووزێنە.. من خودا بۆ ئێرەی ناردووم
من چی ئێرە بنووسمەوە
ئێرە هەمووی شیعرو هەمووی پەیڤ و
مەتەرۆک و لوغزو رازە
خودا.. من چی بنووسمەوە.